## گۆڕان، لە کوێ بۆ کوێ ؟



نووسینی: کەریم دانشیار

**پێشەکی :**

ڕەوتی گۆڕان خەڵفێکی ڕەسەنی سەردەمیانەیە کە لە نیوان حکومەتێکی دوو حیزب سالاریدا بەڕنی بەرەو هەتاو هەڵکێشا. هۆکاری لە دایکبوونی ڕەوتی گۆڕان، نەک لە بەر نەبوونی حیزب، بەڵکە لە بەر هەبوونی حێزبی حاکم و دەوڵەتی بێ سەرە و بەرە، خۆی بە ڕێکخستن کرد. لە ڕاستیدا، ڕەوتی ناوبراو بە شوێن دۆزینەوەی بەرنامەیەکی توکمە دا هات کە دەردی هەژاری چارەسەر بکات.. کە پشتی قانوونی پیاوسالاری تێک بشکێنێت.. کە پیاوانی شاخ و پێشمەرگایەتی بە ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە خانەنشین بکات.. کە گەرای گەندەڵی نەهێڵێت.. کە لە وڵاتەکەی خۆیدا توخم و تۆڤی دێموکراسی لە ناو بنەماڵەکان دا بگورێنێت و بە تەمرین و تەدریب کۆمەڵگا بەرەو دیموکراسی بەرێت .. کە بنگە و بنچینەی ئاژەڵداری و وەرزێری بە سیستەمی سەردەمیانە نەوژەن بکاتەوە.. کە ڕێگا لە هاتنی کەسان و تاقمی چەپەڵی بەدکارە بگرێت.. کە دەروازە لە ڕووی پۆخڵە هاوردەی ئێران و تورکیە قەپات بکات. بە کورتی وڵاتێکی تەواو دێموکراتیکی تێر و تەسەل پێشکەشی داهاتووان بکات.. حکومەت و دەوڵەتێک بێنێتە سەر کار کە لە زەنجیری تاریخیی داهاتووی خۆیدا، سەربەخۆیانە لە سەر پێی خۆی بمێنێتەوە و هاوشان و دەستەملانی نەتەوە و وڵاتانی دراوسی و دوور و دەور و بەریش بەرەو پێش هەنگاو بنێت.. ئارامی و ئۆقرەیی بکاتە جێگری سەرەڕۆیی و بێ قانوونی.

## ڕووخانی بەعس و پشکوتنی قەیران

دە داوکەوتنی سەدام حسێن و چەندێک لە هاوکارەکانی و دوایەش مەحاکمەی بە پەلەی کارتۆنی و درۆزنانەیان لە لایەن هێزی سەرکەوتووی شەڕ، نەیهێشت کلکی کەڵەشێری دزراوی ژێر شاقەلی ئەمریکا ئاشکرا ببێت. لە داردانی سەدام و هاودەستەکانی، دەیان و سەدان مەلەفی ئاشکرا نەکراوی خستە ژێر گڵکۆوە. ئەم دیزە بە دەرخۆنەی ئەمریکا مەبەستی زۆر تایبەتیی تێدا بوو کە یەکێک لەو مەبەستانە، تێکدانی نەزم و زاکوونی کۆمەڵگای عێراق و پشکواندنی دەمارگرژیی قەومی و تایفەیی و ئایینی و نەتەوایەتی بوو. واتە ئەوەی کە ئینگلیس و فەرەنسە دوای شەری یەکەمی جیهان لە نەخشەی دێموگرافیی عێراق و سورییە و لبنان داکردبوویان و چەندین نەتەوە و ئایین و تایفەی دژبەیەکیان بە مەبەستی [ چۆماو قوڕاوی بکە و ماسی لێبگرە] سازکردبوو، ئەمجار و لە سەدەی بیست و یەکەمدا جارێکی تر ئەمریکا ورووژاندییەوە. وورووژانی عێراق کە زۆربەی دانیشتووانی ئایینزای شیعەن، ژوانگەیەکی باشە بۆ شەڕەزێڕینگەرانی ئێران و ئەمریکا. هەنووکە، ئەمریکا دارێکی دوو سەر پیسی ناوەتە ناو دەستی خەڵکی عێراقەوە.
ئەگەر سەدام نەیهێشت هیچ ئۆپۆسیسیۆنێک لە عێراقدا وەک بەدیلی دوای خۆی سەر هەڵێنێت ، دەبێ یەخەی زلهێزەکانی زەرد و سپی و سوورەوە بگرین کە هەر ئەوان هۆکاری سەرەکی بوون بۆ شیت و هاربوونی سەدام حسێن. هەرکە سەدام و شەریکەکانی بە دار داکران، شیرازەی کۆمەڵگاکەش بە تەواوی تێکچوو.
لە ڕاستیدا حکومەتی بەعسیی عێراق هەر ئەو چەند کەسە نەبوون کە ئەمریکا زۆر بە پەلە گیانی لێ ئەستاندن. سیستەمی سیاسی ـ نیزامی ـ پاراستنی بەعس دەست لێنەدراو مایەوە و ئەمریکا وەک هێزی پشتیوان بۆ مەبەستێکی پڕ تایبەت هێشتوویەتەوە. ماوەی کۆتایی پێهاتنی ترس و تەقینەوە لە عێراقدا زۆر دوور نییە. ئەمریکا خەریکە ئاخرین گورزی خۆی بوەشێنێت و ئەگەر ڕێگای لێ نگیرێت و هەوساری لێ توووند نەکرێت، ئەگەری زۆرە کە عێراقێکی یەکپارچە تەسلیمی بەغدا بکاتەوە. هەر ئێستاکە نموودی دیارە و، دیارە کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیش خەریکی دارووخاندنی ماڵی خۆیانن بەبێ ئەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕادیکاڵی بەتوانا و فەلسەفەیەکی ڕوون و ئاشکرایان هەبێ بۆ ڕۆژی سەرکەوتن. شایانی باسە بگوترێ کە بار و دۆخی عێراق دەگەڵ میسرو تۆنس گەلێک جیایە. میسر و تۆنس هێستا بە تەواوی نەکوتوونەتە ژێر هێڵی سووری پەرێشانی. بەڵام عێراق لە یەکەم ڕۆژی هێرشی ناتۆ دا لە پێ کەوت و هەر ئێستاکە شەلەل و نەقوستانێکی بەرەو مەرگە.
باشووری وڵات ئەگەرچی لە سای دەزگای پاراستنی حکومەت، بەتایبەت لە بەشی پارتی دا، زۆر هێمن و ئارامە، بەڵام لە ژێر ئەو ئارامی و ئۆقرەییە دا تێلبەندی سیخوڕیی ئێران و تورکیە وڵاتی ئێمەیان تەنیوە. ئەوەی کە ئاشکرایە، لە سلێمانییە و دەور و بەری دا جیرەخۆرانی حکومەتی ئێران بە ئاشکرا شانە و بن شانەیان داناوە. ئەگەر ئێران و تورکیە و وڵاتانی ناوچەکە ئاوا بوێرانە خەریکی ئینسان کڕین و جاش داتاشینن، دەبێ یەخەی پارتی و یەکێتی بگرین کە بۆ داپۆشینی گەندەڵکاری ناو خۆیی، خەڵیکیان بەچەشنێک فێرە دراو کرد، کە تەنانەت ئەگەر بەندۆخینی دەرپێی خۆیشیان لە ماڵدا دەست نەکەوێت، چاوی تەمەننایان ڕوو بە حکومەتە. لەم حاڵەتەدا ئەگەر هەر بەم بوارە دا بڕوا، ئیتر وای

لێدێت که هیچ کەس گیانفیدایانه چەکی نامووس هەڵناگرێت، بەڵکه هەر کەس زۆرتر و زیاتری زێڕ و زیوی پێ بدرێ، ببێته میلیشیای ئەم یان ئەو.

## سیمای جیهانی سەردەم چلۆن دەنوێنێت؟

من ناچارم ئەم کۆپلەیە وەک شاهید بێنمەوە که لە وڵاتانی وەپاشکەوتوو لە تەکنۆلۆژیا دا، زۆربەی هەرە زۆری تاک و کۆی ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ بژیوی ژیانی ڕواژانەیان سەرگەرمی کسب و کارن. کسب و کاری ئەو خەڵکانه بەند و پەیوەسته به ئەهوەنیی کۆمەڵگاکەیانەوە. شایانی باسه که لە درێژەی ئەهوەنی ئەو کۆمەڵگایانەش دا، بەرەبەرە تۆخم و تۆڤی بیری سیاسی دەپشکوێت و مەیلی ڕێکخراو دێته ئاراوە. ڕێکخراوەگەلی سیاسیی ئەو چەشنه وڵاتانەش زیاتر ڕەنگ و چێژ و تامی شۆڕش و خەباتی چینایەتی دەدات و بۆ پەزەکانی جیهانی کاپیتالی بۆنی بقەی لێوەدێت. شڵەژاندنی ئەو کۆمەڵگایانه بۆ جیهانی کاپیتالی لە ئاوخواردنەوە هاسان ترە، چونکه حکومەتی ئەو وڵاتانه به تێکڕایی دەست پەروردەی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایین. ئەمریکا تاریخ مەسرەفی ئەو حکومەتانەی لە دەست دایه و هەرکه دەستیان لێبەردات و خەڵکیان تێبەردا، فاتیحایان خوێندراوە. هەر ساڵی پارەکه بوو که سەرۆک حسنی مبارەک جێ ڕاوێژی ئۆباما بوو. چەند ساڵ لەمەوبەر بوو که (تونی بلەیر)ی بریتانی سەردانی لیبیای کرد و شان به شانی کۆلەنێل قەزافی ڕاوەستا و ئەو شانازییەی پێدرا که دەگەڵ کۆلەنێل وێنەک بگرێت.
ئەمریکا بۆ ئاڵوگۆڕ لە هەر وڵاتێکدا، سەعاتێکی لمی داناوە. هەرکه ئاخر دەنکی لمی سەرەوەی سەعاتەکه داکەوته خوار، بەو واتایه دەبێ که فەلسەفەیەکی ڕابوون لەو وڵاتەدا خەریکی لەدایکبوونه و کاتی قرتاندنی هاتووە. ئەمریکا لێی دەفیکێنێ و وڵاتەکه ئاڵۆز دەکا. ئاڵۆزبوونی وڵاتی بێ ئاڵترناتیڤ که ئۆپۆزیسیونێکی کارای تێدا ساز نەبووە، دەکەوێته تەنگانه. ئەمریکا، تەنگانەکه به دانانی حکومەتێکی کارتۆنی تر چارە سەر دەکا، که بۆ خەڵکی وڵاتەکه هەر حاشا لەمرۆیه و خۆزگه به پارە. شای ئێران دەرکرا، کۆماری ئیسلامی داندرا. سەدام به دار داکرا، مافیای کورد و عەرەب و تورکمان سەریان هەڵدا.

## بڵێی هەڵچوونی وڵاتانی عەڕەبی بۆ مۆدێل ببێت؟

ئەگەر توێژینەوەیەکی ژیرانه لە سەر هەلومەرجی (عێراق ـ کوردستان) بکرێت، دەردەکەوێت که
لاساکردنەوە لە مۆدێلی هەڵچوونی وڵاتانی ئەفریقایی (تۆنس، لیبیا، میسر و...) ڕێگاچارەیەکی زۆر هێژا نییه و نابێ . هەرای وڵاتانی عەرەبی وەک شڵەقانێک دەچێت که دینامیزمی شڵەقانەکه لە دەرەوە ڕا پرژابێته ناو گێژاوەکەوە. ئەمه لە حاڵێکدایه که عێراقی دوای سەدام حسێن، لە سای دەست تێوەردانی ئەمریکا، ئێران، عەرەبستان، تورکیا و سوورییە، هەڵچوونی خوێناوی تر و بێ بەزییانەتری به خۆیەوە دیت و دەبینێت. عێراقی هەنووکە، به دەردێک گیرۆدە بووە که چەلێ دەرمانێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە. بەداخەوە باشوری وڵاتیش که بەشێک لەو کۆمارە پڕ لە مارەیە، چارەنووسی نادیارە. باشووری کوردستان لە درێژەی چالاکیی نیزامیی ئەمریکا لە عێراق دا دەیتوانی دارێک بخاته سەر بەردێکەوە و هێللانەیەکی بەمەتمانه لە هەموو خاکی باشووری ولات بۆ خەڵکەکەی ساز بکات، بەڵام نەیکرد. بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی دەستی دەوڵەتداریی لێ ستاندن و لەجیاتی دەوڵەتی کار و یاسا و بووژاندنەوە، پشتیان دە بەشی وەرزێری و ئاژەڵداری و کار و چالاکیی کرێکار و ورزێر کرد. لە جیاتی وەسەرکارخستنی دەست و باسکی هێزی جەماوەر، خەڵکیان فێرە دراو کرد و به چەشنێک زیپک و مەزنایەتی کەسایەتییان لە تاک و کۆی کۆمەڵگەدا شەهید کرد که ئەوەی پیرۆزیی ناو کۆمەڵگا بوو لە ژێر پێ و پەلاندا تێدا چوو. ئەگەر بخوازین سەرجەم ئەو داکەوتن و خەساراتانەی باری ئابووری و کۆمەڵاتەتی بژمێرین ، ئەم نووسراوەیه جێگای نابێتەوە. بەڵام سەرجەم کەموکووڕییەکان دەرمانی چارەسازییان هەیه و دەکرێ چارەسەر بکرێن.

## گۆڕان و نەخشەی ڕێ بۆ چارەسەری

ڕەوتی گۆڕان دەگەڵ حکوومەت و دەوڵەتی هەڵبژاردەی خەڵک ڕوو به ڕوویە، هەربۆیه ڕەوتی گۆڕان دەبێ زۆر وشیارانه بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش هەنگاو بنێت. حکومەتی کوردستان خاوەنی پەرلەمانه و بەپێی پرەنسیپی شارستانیانە، پەرلەمان و یاسا دەبێ سەروەر بن؛ ئەوان هەڵبژاردەی خەڵکن و چونکه ڕەوتی گۆڕانیش هەڵقوڵاوی ناو جەرگ و هەناوی خەڵکە، کەوایه دەبێ هەر دووکیان شەرعییەتی ئەوەیان هەبێ که به دڵ و دەروونێکی ئاوالە و به دوور لە هەڵوێستی دوژمنکارانە، دەوڵەت و حکومەت بکەنه سایەبانی حەسانەوەی خەڵک لە هەموو بار و بابەتێکەوە.

ئەگەر ویژدانی سیاسیی ڕەوتی گۆڕان ئەڤیندارانە بۆ چارەسەری بچێت، یەکەم ڕێگای گۆڕان بۆ چارەسەریی هەموو کەمایەسییەکان، بە دەستەوە گرتنی ئینسانە تێکۆشەرەکانە کە پشتیبانی پڕۆژەی چاکسازی و ئاوەدانیەکانن. من بەڕێوەبەرایەتیی ڕەوتی گۆڕان ناناسم ، بەڵام بەپێی ئەزموون دەزانم کە ڕاڕایی و چەند ڕواڵەتی و هەلپەرستی لە وڵاتی ئێمە دا وەجاخی کوێر نییە. هەربۆیە، کەسایەتیی بەناوبانگی کورد، بەڕێز کاک نەوشیروان خۆی شارەزایە و دەزانێ کە لە وڵاتێک دا ئەگەر حکومەت و دەوڵەت و پەرلەمان هەبێ، گۆڕانکاری یەکجار زۆر هاسانتر لەوەیە کە هیچ ئۆرگانێکی سەردەمییانە لە گۆڕێ دانەبن.

ئەوەیکە خۆیا و ئاشکرایە، ڕەوتی گۆڕان ڕێگای چاکسازی گرتۆتە بەر. بۆ گۆڕانکاریش بەرنامە و پلاتفۆڕمی هەیە و هێزی گەنج و لاوی خوێن گەرمیشی دەگەڵە. لێرە دا دەبێ چاوێکیش بە سەر پڕۆژە و بەرنامەی ئاوەدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بخشێنین. لە یەکەم ڕوانیندا بۆمان دەردەکەوێت کە دەیان و سەدان پڕۆژەی ئاوادانی و چاکسازیی لە سەر کاغەز نووسراوی هەیە کە چەندێکیان لە کاغەز هاتوونەتە سەر زەوی و ئەوانی تر هەر لە سەر کاغەز دا ماون. پارەی بایی ئەو پڕۆژانە چۆنە و چەندە و بەرەو کوێ ڕۆیشتوون و ئێستا لە کێهە بانگی کامە وڵاتی دەرەوە دا خەریکی زێدەمەیی دەردانن، نازانین. لێرەدا دەوری ڕەوتی گۆڕان هێژایە و دەبێ دەگەڵ قانوون قسە بکات. ڕەوتی گۆڕان لە سای جەماوەرە ژیر و وشیار و ساغ و بێ گورگە دەتوانێ وەزیران و کاربەدەستانی حکومەت بێننە ژێر پرسیارەوە. لە کەناڵە ئاسمانییەکان و لە بەر چاوی هەموو جیهان لێپرسینەوەیان لێبکات. گەندەڵکارەکان بدۆزرێنەوە و تەنانەت ئەگە کوڕ و کوڕەزای سەرۆکی کوردستانیش بێ، ئاخر فلسیان لە گەروو بهێندرێتەوە دەر.

گۆڕان بەرنامەی کاری زۆر لە بەر دەمدایە. ئەگەر بەرنامەگەلی گۆڕان، کە هەمووی لە چەشنی چاکسازی، ڕەخنەگری، نەشتەرگەری و جێگۆڕین ـ ن ، بکرێتە ئاڵای ئاشکرا و لە سەردەستی هێزی تێکۆشەر و ژیر و ساغ و بێ گورگە، لە بەر چاوی هەموو جهانیان بەرەو پەرلەمانی کوردستان بچێت و سەرۆکی کوردستانیشی بۆ بانگهێشت بکرێت، ئیتر کورد گوتەنی : پیاوم دەوێ لەبەر تەوژمی لێشاوی جەماوەر دا خۆی پێ ڕابگیرێ. من پێموایە هەر ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە قۆڵی چاکسازی لێ هەڵبماڵدرێت و پڕۆژە خەوتووەکان تۆزتەکێن بکرێن و بخرێنە گەڕ. تاقیکردنەوەی ئەم ڕێگایە، دەتوانێ پشتیوانەی هەموو خەڵکی کوردستانی بە دوا دا بێت. هەوڵ لە گۆڕان بە پشتیوانیی ئینسانی ساغ و بێ گورگە و بەڕێوەبردن لە لایەن دەزگای دەسەڵات. یەکساڵی ٣٦٥ ڕۆژی دەتوانێ بیلان و بەرهەمی کار و تێکۆشان نیشان بدات. یەکساڵی ٣٦٥ ڕۆژی بۆ دەرخستنی نیازپاکی ـ یان ـ بێ باکی زەمانێکی دوور و درێژ نییە. بەڵام ئاخری ساڵ جووجەڵەکان دەژمێردرێن.

به ئەوپەڕی ڕێز و حورمەت ـ کەریم دانشیار